

# ڕووخۆشی خوشکم

ڕووخۆشی خوشکم گەلێک بچووکە و تەمەنی پێنج ساڵە. هێشتا نەچۆتە قوتابخانە. نازانێ وەک من بنووسێ و بخوێنێ. یاری بە لەیستۆک دەکات. لە گەل فیلە پەڕۆکەی خۆی یاری دەکات، گوڵدان ئاو دەدات و تۆپێکی هەیە گەمەی پێدەکات.

جارجار کاغەز و قەڵەم لە من دەستێنێ و خەریکی وێنەکێشانەوە دەبێت.

ڕووخۆش فێر بووە لە ژمارەی یەکەوە تا دە بنووسێ و زۆر لە پیتەکانیش دەناسێ.

سترانی بەهاریش دەزانێت و بە دەنگی خۆش بۆمان دەخوێنێت. دایکم ناوی ناوە ڕووخۆشی دەنگخۆش.

هەمووکەسێ ڕووخۆشی خۆش دەوێت.

* ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان:

لەیستۆک: بووکەڵە، بووکەشووشە، بووکەچینی
لەگەڵ: کێڵگە، لهتەک
ستران: گۆرانی

گەلێک: زۆر
گەمە: کایە، یاری، قومار
وێنەکێشانەوە: نەقاشی کرد

Copyright © Kurdi.fi

❊ ئەو ڕستانەی خوارەوە تەواو بکە:

ڕووخۆشی ............ گەلێک ............ .

نازانێ وەک من ............ و ............ .

یاری بە ............ دەکات.

فێر بووە لە ژمارەی ............ تا دە ............ .

ڕووخۆش ............ ئاو دەدات.

---

❊ پرسیار:

1. کێ زۆر بچکۆڵەیە؟ ............
2. ڕوخۆش چەن ساڵە؟ ............
3. ڕوخۆش بە چی گەمەی دەکرد؟ ............
4. ڕوخۆش کاغەز و قەڵەمی بۆ چیە؟ ............
5. کێ ڕوخۆشی خۆش دەوێت؟ ............
6. ڕوخۆش چ گۆرانیەک دەزانێت؟ ............
7. دایکی چ ناوێکی لە ڕوخۆش ناوە؟ ............

---

❊ هەر کام لە ناو ڕستەیەکدا بە کار بهێنە:

خوشک ............

نووسین ............

خوێندنەوە ............

گوڵدان ............

قەڵەم ............

ژمارە ............

پیت ............

ستران ............


Copyright © Kurdi.fi